# چەند شارۆیەک*

# لە نێو لاپەرەکانی شۆڕشی ئەیلولدا

البارزانی و الحركة التحرریه الكوردیة، الجزء الثالث. بارزانی، ٢٠٠٢
لە دیمانەی کۆمەڵناسی مێژوویی و سیاسییەوە

ئاسۆ بیارەیی
سۆسیۆسایکۆلۆژ

٢٠٠٩-٢٠١٠ سوێد

مافی چاپکردنەوەی ئەم نامیلکەیە
پارێزراوە

شاروٚ کانی ئەیلول

# دەستپێک

مێژووی شۆڕشی ئەیلول  بەشی سێیەم "البارزانی و الحركة التحرريه الكوردية، الجزء الثالث. بارزانی، 2002)" لە نوسینی مەسعود بارزانیە، کە ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستانە (باشووری کوردستان)ە. ئەم پەڕاوە مێژووییە لە 900 لاپەڕە پێکهاتووە، باسی شۆڕشی ئەیلول دەکات، هەر لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشووەوە تاکو خامۆش بوونی ئەو بزووتنەوەیە لە هەمان سەدە ساڵی 1975 کە لەلای هەندێ کوردی باشوور بە ئاشبەتاڵ ناوی نراوە.

مەبەستی ئەم شارۆیانە ئەوە نیە کە لە نرخی بزوتنەوەی ئەیلول و قوربانیەکانی، ئامانجە نەتەوایەتییەکان کەم بکاتەوە، بەڵکو بە چاوێکی ڕەخنە سەیرکردنەوە، لایەنی نەرێنی و ئەرێنیەکانی بخاتە بەردەم ئەندام و لایەنگران و جەماوەرەکەی تاکو کەلێنەکانی پڕبکەنەوە و خاڵە گەشەکانی پێش بخەن . پێویستە لە هەموو گۆشە نیگاکانەوە سەیری ئەو بزوتنەوەیە بکرێت، تاکو ببێتە گەنجینەیەک بۆ هەموو لایەک.

قازانجی ئەم جۆرە توێژینەوە و ڕەخنە زانستیانە لەوەدایە کە دورە لە کاریگەری سۆز و بە ئاوایەکی زانستی مۆدێرن لە هەندێ لاپەڕەی ئەم بزوتنەوەیە دەنوارێت. جیاوازی لەم جۆرە خوێندنەوانەدا لە وەدایە کە بەچاو و تەرازوی ئەندامێک و لایەنگری پارتی نە کراوە, کە لەبەر پێوەندی نزیکی و بوونی لەناو ئەو پارتییەدا، خاڵە لاوازەکان نەبینێت کە دەبنە و بوونەتە هۆی هەرەسهێنان و تێکدانی ڕابوونی وا و دوباره

بوونەوەی چەند بارەی هەڵەكان (لەوانە وتوێژەكانی ئەو ڕابونە لەگەڵ ڕژێمەكانی عێراق و سەرنەكەوتنیان) باشترین نموونەیە.

من بە ئاگام لەوەی كە هەندێ لە ئەندام لایەنگرانی پارتی دیموكراتی كوردستان لە باشوری كوردستان، ڕەنگە خوێندنەوەی لەم جۆرەیان لەسەر پارتییەكەیان پێ پەسەند نەكرێت. ئەوەش كاردانەوەیەكی سروشتیە و جێگەی ڕێزمە، **بۆ؟** چونكە دورنیە هەندێكیان لە ڕوی دڵسوزییەوە پەی بە هەڵەكانی پارتییەكەیان نەبن و كەموكوڕیەكانی نەبینن. ئەو جۆرە بەرگرییە دیسان دەبێتە هۆی پەروایز بوون و نەدیتنی دنیای دەرەوەی ئەو حزبە و زۆرجاریش زیانگەیاندن بەو پارتییە، نەک قازانج و پێشخستنی هەمەلایەنەی.

# پێڕست


بابەت ........................................................لاپەڕە
مەبەست ....................................................... ٤
میتودی شارۆکان ............................................... ٤
شارۆی یەک ..................................................... ٥
شارۆی دوو ..................................................... ٩
شارۆی سێ ..................................................... ١٤
شارۆی چوار .................................................... ١٩
شارۆی پێنج ................................................... ٢٤
شارۆی شەش ................................................... ٢٩
شارۆی حەوت .................................................. ٣٤
دوا ئەنجامگیری ................................................. ٣٩

# مەبەستی ئەم شارۆیانە؟

مەبەستی ئەم شارۆیانە گەڕانە و پشکنینە بە نێو پەڕاوی ئەم گەنجینە مێژووییەدا ئەوەیە، کە بە میتود و شێوازی زانستی، ئەزمونی ئەو بزوتنەوەیە کە ناوی شۆڕشی ئەیلولە و جێی شانازی بەشێکی کوردی باشوورە، بە تایبەتی ناوچەی بارزان، بخرێتە ڕوو. لێ تاکو ڕێکخراو و پارتییە کونە و نوێکان سوودی لێ وەربگرن. گرنگی هەڵسەنگاندن لەوەدایە کە هەمان بزوتنەوە یان پارتیی، پێناسەی هەڵەکان بکات و ڕێگەچارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە، بە تایبەتی ئەو هەلانەی کە دەبنە مایەی سووتاندنی ووزەیەکی کاریگەر و قوربانی گیانی و ماتریالی لێ دەکەوێتەوە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا و کوردستانی گەورە بە گشتی.

میتودی شارۆکان

میتودی شارۆکان ڕێچکەی بەراوردی تێکستەکان و مێژووی روداوە تۆمارکراوەکان بەگشتی لەگەڵ یەکتردا دەخاتە تەرازوی هەڵسەنگاندەوە(میتودی هارمەناوتێک، بڕوانە کڤاڵە ١٩٧٧ ). لەلایەک ڕووداوە دووبارە بووەکانی مێژوو دەخاتە بەردەم خوێنەران، لەلایەکی تریشەوە بۆچونی کارئەکتەرەکان(هێزە بزوێنەرەکان، بنەماڵەیی و ئاینی..هتد) ناو بزووتنەوەی ئەیلول بە شێوەیەکی بێ لایەن و بەرجەستە باس دەکات. هەروەها ڕۆشنایی دەخاتە سەر دۆخ و ژینگەی هەمەلایەنی دیمەنە تۆمارکراوەکانی ئەو ڕابوونە، کە بە شۆڕشی ئەیلول لەلایەن نووسەرەوە(مەسعود بارزانی)وە پەیڤنووسکراوە.

# تۆمارکردنی مێژووی نەتەوەیی بە زمانی نەتەوەی سەردەست

## شارۆی یەک

بۆچی ئەم گەنجینەیە"البارزاني و الحركة التحرريه الكوردية، الجزء الثالث. بارزانی، 2002)" بە زمانی عەرەبی نووسراوە؟ ئایا بۆ عەرەبەکان نووسراوە، ئەی  بە سوودتر نەدەبوو کە بە کوردی بنووسرایە تاکو  هەرهیچ نەبێت ئەندام ، لایەنگر و دۆستانی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عێراق، لەسەر ئاستی بنەماڵە و پارتیی لێی تێبگەیشتنایە؟ ئەی ئەوان بۆ پارتیی و بنەماڵەی بارزانی گرنگ نین؟

بارزانی دووەم، مەسعود بارزانی کوڕی بارزانی یەکەم (مەلا موستەفای بارزان) پێشەکێکی تێر و تەسەلی بەزمانێکی عەرەبی پاراو بۆ ئەم پەڕاوە لەڕۆژی 12-5-2000 نووسیوە، بڕوانە لا 19 سەرچاوەی ناوبراو. لێرەدا بۆ ناسینی ئەم کتێبە وەکو  خەرواریک لە مێژووی کورد، باشتربوو  هەرهیچ نەبێت دەستپێکێکی ئینگلیزی بۆ بنووسایە بۆ ئەوەی  بە ئاسانی لە ئەرشڤی نێودەڵەتیدا دیاربێت. ئەوەی کە بایەخی ئەم پەڕاوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی کوردی کەم دەکاتەوە بەهۆی نووسینەوەی بە زمانی عەرەبی، ئەم خاڵانە خوارەوەن:

1. زۆربەی جەماوەری کورد، زمانی عەرەبی باش نازانن ، بە تایبەتی زمانی فاکتاو مێژوو، هەرچەندە زۆرجار نووسینەوەی ڕووداوەکان هەڵچونی سۆزیاندا بەسەردا زاڵە.

2. نووسینی به زمانی عەرەبی، زمانی داگیرکەرانی کوردستانە و لەڕوی دەرونییەوە ئەو بەستەرەی گیانییەی تیا نیە کە تاکی کورد چیژی تیا ببینێت. بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە لەداوی ساڵانی 1990 لە دایک بوون و کاریگەری زمانی عەرەبییان لەسەر نیە.
3. لە بەر ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە، رەنگە خوێندنەوەی ئەم پەڕاوە لە چەند کەسێک تێپەڕی نەکردبێت و تێپەڕناکات، ئەوەش دەبێتە هۆی مانەوەی ئەو ئەزموون و روداوانە لە چەند لاپەڕەیەکدا، کە رەنگە تەنها داگیرکەرانی کوردستان سوودی لێ ببین.
4. شایەنی باسە لە بەرگی پێشەوەی ئەم پەڕاوەدا ناوی شاری هەولێر بە ئەربیل براوە، ئەمەش دیسان جۆریکی دی گوێ نەدانە بە هەستی خەڵکی شاری هەولێر و گەلی کوردە کە پێیان ناخۆشە ناوی شارەکەیان تەعریب بکرێت. دەبوو نووسەر زۆر بە ووردی سەرنجی ئەم خالەشی بدایا!

بەعەرەبی تۆمارکردنی ڕوداوەکان ئەوە دەخاتە ڕو، کە بنەماڵەی بارزانی و خەڵکی دەڤەری بادینان زیاتر بەسەر زمانی عەرەبیدا زاڵن، تاکو زمانی دایکیی خۆیان، مەبەست زمانی کوردیە. زاڵبونی زمانی عەرەبیش ئەنجامێکی ئاسایی تەعریبکردنی کوردستانە لەلایەن ڕژێمی عەرەبی عێراقەوە، لەلایەک تریش کەمتەرخەمی دەسەڵاتدارنی نێو ئەو پارتییەیە کە بایەخیان بەزمانی کوردی نەداوە. دەبوو نووسەر مەبەست و ئامانجی لە تۆمارکردنی مێژووی کوردی بە زمانی عەرەبی، بۆ خوێنەران

ڕونبکرداێتەوە، چونکە کورد، نەک عەرەب خاوەن ئەو مێژووەیە، هەروەها لە ناو ئەم مێژوونامەیەدا باسی کۆمەڵێک خاڵی لاوازی تیایە(بڕوانە شەڕی لێدانی جاشەکانی 1966، لاپەرە 193 تاکو 198) کە دوژمانی کورد سوودی لێ دەبینن.

نووسینەوەی مێژوو کارێکی بە نرخ و بەرزە، بەڵام لە دۆخی"البارزاني و الحركة التحرريه الكوردية، الجزء الثالث. بارزانی، 2002)" دا، باشتربوو تیمێکی تایبەت بەو کارە مێژووییە لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراقدا بە ئەرکی نووسینەوەیی مێژووی پارتی ناوبراو هەستانایە، نەک خودی سەرۆکی پدک، مەسعود بارزانی، کە ئەرکی ڕابەری لە ئەستۆ دایە.

خاڵێکی تری گرنگ کە دەبوو هەر لە سەرەتاوە لە نووسینەوەی ئەم پەڕاوە سەرنجی پێ بدرایە، نووسینەوەیەکی کورتی ژیانی نووسەر و وێنەکەی، بۆ ئەوەی خوێنەران لە نزیکەوە ئاشنایەتی بە نووسەر پەیدا بکەن، هەرچەندە نووسەر بە هۆی پێگەی بنەماڵەیی و ناوچەیی لە جیهان تا رادەیەک بە ناوبانگە، بەڵام بۆ نموونە لای خوێندکارێک یا زانکۆیەکی بێگانە نەناسراوە و کەس نایناسێت.

سەرچاوە:

---

*شارۆ: ووشەیەکی هەورامیە : کۆکردنەوەی ئەو گوێزانەی کە داوی وەراندنیان ماونەتەوە، یان کۆکردنوەی ئەو گەنمەی کە لەدوای دروێنەو و خەرمان بەجێ ماوە. بڕوانە هەنبانە

بۆرینە< پاشەرۆک، فەرهەنگی کوردی فارسی، هەژار موکریانی، چاپی سێیەم 1381.

١. مسعود البارزاني (2002). *البارزاني و الحركة التحررية الكوردية، الجزء الثالث*. اربيل: مطبعة وزارة التربية.

Kvale, S. ( 1977). *Den kvalitativa forskningsintervju.* Student litteratur. ISBN 91-44-001851

شارۆکانی ئەیلول

# ئایا دەستپێکردنی شۆڕشێکی نەتەوەیی بێ ڕێکخستن، بێ بەرنامە و ئامانج، سەر دەگرێت؟
## شارۆی دوو

### سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول چۆن بووە، بەرنامەو ئیستراتیجی چی بووە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە، لە نێو بەشی یەکەمی ئەم پەرتووەکە مێژوویيەدا ڕون و ئاشکرا نیە، تەنها ئەوە نەبێت کە نووسەر چەند بارە باسی تێکچوونی پێوەندی نێوان پدک و حکومەتی عەبدولکەریم قاسم دەکات( بڕوانە سەرەتای لاپەڕە 22)، لەلایەک، لە لایەکی تریشەوە بارزانی و پدک، خێڵ و بنەماڵە کوردیەکانیان بۆ شەڕی دژی قاسم، بەبێ ڕوونکردنەوەیکی تەواو لەسەر ئامانج و مەبەستەکانی شۆڕش، هان داوە ، تەنها ئەو ووتەیە نەبێت کە بارزانی لە کۆبونەوەکەی گوندی سێدەکان بۆ پێشمەرگەکان پێشکەشy کرووە:

بارزانی یەکەم ( مەلا موستەفای بارزان) : وفي حالة استنفاذ اخر مجهودي وعندما لم يعد في مقدوري المواصلة ساتوجه الى سورية..( البارزاني و الحركة التحرريه الكوردية، الجزء الثالث، لاپەڕە 34-35) مسعود البارزاني،2002. واتە لە کاتێکدا ئەگەر دوا کۆششم کۆتایی پێ هات و توانای بەردەوامبوونم نەما، من بەرەو وڵاتی سوریا دەکەومەڕێ..). ئەم ووتانەی بارزانی لە کاتێکدا بووە کە سەرەتای ڕۆژانی سازدان

و کۆکردنەوەی بنەماڵە و خیڵە کوردیەکان بووە  بۆ شۆرشی نەتەوەیی گەلێکی ژێر دەستە.

تەنانەت لە کۆبونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندی، پدک لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی 1961 یش، هیچ بەرنامەیەک و ئامانجێکی نەتەویی تێدا دیارنەکراوە، جگە لە هەوڵدان بۆ کرینی چەک و تەقەمەنی و رازی کردنی خێڵە کوردەکان بۆ چەك هەڵگرتن و پشتیوانی کردنی شۆرش. شایەنی باسە بارزانی یەکەم (مەلا موستەفا) زۆر کارامە بووە لە ناسینی کۆمەڵگەی کوردی و ئاستی یەکگرتنی ئەو خێڵ و بنەماڵانە، لە لاپەرە 24 بە رونی باسی گیانی دووبەرەکی  کردووە و هەر لەو رۆژانەوە بۆ میکانیزمێک گەراوە کە  یەکیان بخاتەوە، (هەمان لاپەرە).  لە کاتی شەری نێوان (کوردو  قاسم)دا ئەو هۆزانە، وەکو عەشیرەتی زێباری و هەرکی، لەبەر ئەوەی کە لە گەڵ بارزانیەکاندا ناکۆک بوون، گەورەترین خزمەتیان بە سوپای عێراق کردووە،( بروانە لا 52 گرتنی شارۆچکەی نەهلە)، هەمان سەرچاوە.  لێرەدا  ووشەی (جحش)  کە بە کوردی جاش دەگەێنێت، دێتە ناو فەرهەنگی کوردیەوە. کەواتە ووشەی جاش لە سەرەتای شەستەکانەوە، نەک لە ساڵی 1966 لە دایک بووە،(لا. 24 هەمان سەرچاوە).

ئەو پرۆسە نهێنیەی کە لەم بەشەدا خۆی لە ناو دێرەکاندا شاردوەتەوە، ئەوەیە کە چۆن بە ئاگاداری سۆڤیەت، پدک کاری چەک کرینی کردووە، لە کاتێکدا حکومەتی قاسم باشترین پێوەندی لەگەڵ روسەکان هەبووە؟ مەلا موستەفای بارزان، رێکەوتنی بە ئاشکرا لە گەل رووسەکان لە کرملن کردووە بۆ یارمەتی وەرگرتن لێیان، کە لە ریگەی ئاسمانەوە بێت و لە(

دۆڵە هۆری) بەفرۆکە چەک و تەقەمەنیان بۆ دابین بکرێت، (بروانە لا 22 هەمان سەرچاوە). هەرچەندە ڕوسەکان پەژیوان بوونەتەوە و لە جیاتی ئەوە پارەیان لە ڕێگەی(ناسکۆف)وە ناردووە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئاخۆ لێرەدا بزوتنەوەی بارزان وەکو کارتێکی گوشار بۆ سەر قاسم بە کارهێنراوە؟ ئایا ڕوخاندنی قاسم لە خزمەتی ڕوسیا بووە؟

هەرچەندە بەهۆی هەستی بنەماڵەیی و تا ڕادەیەکیش هەستی نەتەوەیی، لە بەرەکانی شەڕدا، کورد، بە سەرۆکایەتی بارزانی یەکەم(مەلا موستەفای بارزان) سەرکەوتنی باش بە دەستهێناوە، بەڵام لەڕوی ڕێکسختن و پێکهاتەوە، لاواز و بێ بروا بووە، چونکە خودی (بارزانی)یش، لە شەڕی نێوان خێڵەکان ترساوە. ئەم خاڵە لاوازەی شۆڕشی ئەیلول، یەکێک بووە لەو هۆکارانە کە زۆجار ڕەنگی خێڵەکی چۆکی بە هەستی نەتەوایەتی هێناوە. بۆ نموونە، ڕازی بوونی شیخ ئەحمەد بارزانی بە وەستاندی شەڕ دژی سوپای عێراق پایزی ساڵی 1961، بە بێ ڕەچاوکردنی هاوسەنگی بەرەکان، بەوەش پێشمەرگەی بە گشتی ناچاری کشانەوە کردووە،( لا 30 هەمان سەرچاوە). لە لاپەرە 32 ش هەمان وێنە دووبارە دەبێتەوە، کە هەستی خێڵەکی زاڵبووە بەسەر هەستی نەتەوایەتیدا، بڕوانە شەڕی جاشەکان و پێشمەرگە لە مێرگە سوور، (هەمان سەرچاوە).

لە تەرازووی سۆسیۆ مێژووییەوە، بەستەری ئاین و خێڵ، لە گەرمە ئەو بزوتنەوەیەی کە ناوی شۆڕشی ئەیلولە، لە نیوان تاکی خێڵەکان ئەستوورتر بووە تاکو بوونی گرێدانی نەتەوەیی ، بروانە ووتەی یەکیک لە سەرۆک جاشەکان: ان كان القتال بين

الحكومة و البارزانيين، فانأ مع الحكومة، اما اذا كان القتال بين العشائر والبارزانيين فأنا مع البارزانيين، واتە ئەگەر شەڕەکە جەنگی نێوان بارزانیەکان و حکومەتە، من لەگەڵ حکومەتم، بەڵام ئەگەر شەڕ لە نێوان خێڵەکان و بارزانیەکان بێت، من پشتی بارزانیەکان دەگرم،( لا 32. هەمان سەرچاوە). لەرۆ مێژوویەوە، ئەوە ئاستی دیرۆکی کۆمەلایەتی و پێشەوە چوونی کۆمەڵگەی کوردی بووە. کەواتە لێرەدا وەڵامی ئەو پرسیارەمان تاڕادەیەک چنگ دەکەوێت، کە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول چۆن بووە، بەرنامەو ئیستراتیجی چی بووە؟ وەڵامەکەش لە بۆچونی ئەو سەرۆک خێلە بەرجەستە دەبێت کە نووسەر بە جاش ناوی بردووە. کەواتە شۆڕشی ئەیلول ئەگەر بەرنامەی وەکو شۆڕشێکی نەتەوەیی پێشکەوتوخواز بووبێت، بەڵام هەستە خێڵەکی و بنەماڵەییەکە، هێندە زاڵبووە، کە نەیتوانیوە هەستی نەتەوایەتی لە ناو تاکی کورد بچێنێت. بۆیە لێرەدا پێویست بوو نووسەر، لە بەرئەوەی مێژووی گەلێکی نووسیوتەوە، باسێکی تێر و تەسلی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی بکردایە. چونکە باسکردنی شەڕەکان بە تەنها هیچ نادات بە دەستەوە، ئەگەر ماتریاڵێکی زیندووی لە پاڵدا نەبێت. بگرە وەکو چیرۆکێک دێتەو پێش چاو و دەبێتە شتێکی ئەفسانەیی. گرنگی داتاو زانیاری لە سەر ئەو شۆڕشە و هەموو بزووتنەوەیەک لەوەدایە، کە دەبێتە بناغەیەک یان ئەزموونێک بۆ هەڵنانەوەی هەنگاوی نوێ لە پرۆسەی دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی تردا.

پرسیارێک کە دێتە ئاراوە ئەوەیە، ئایا دەکرێت کۆمەڵگەیەک بەبێ رژێمێک، بەبێ رێکخستنێک و..هتد، لە دۆخی پاشکەووتوی میللەتی کورد دا، لەو ساڵانەدا، کە نۆرم و پێوەرەکانی خێڵ و

بنەماڵە و ئاین، تاکی کوردیان لە خۆدا پاسیڤ و بێ گیان کردبێت، یان گونجاوە ڕابوونیان پێ بکرێت، بەبی ئەوەی بزانن چی دەکەن؟

---

سەرچاوە:

تێبینی ئەم شارۆیە تەنها تایبەتە بە بەشی یەکەمی( البارزانی و الحرکة التحرریه الکوردیة، الجزء الثالث. بارزانی، 2002 لا، 21-39).

مسعود البارزانی (2002). *البارزانی و الحرکة التحرریه الکوردیة، الجزء الثالث*. اربیل: مطبعة وزارة التربیة

# ئایا شۆڕشی ئەیلول زەمینەی بۆ سەرکەوتنی کودەتای بەعسیە کوردکوژەکان خۆشکردووە؟

## شارۆی سێ

"مهدت ثورة ايلول لقيام هذا الانقلاب و كل الانقلابات الاخرى. انقلاب الثامن من شباط، لا 81، مسعود بارزاني 2002"

شۆڕشی ئەیلول بەسەرکردایەتی بارزانی یەکەم (مەلا موستەفای بارزان) بەڕونی و بە ئاشکرا زانیویەتی کە ڕژێمە نەژادپەرستەکانی عێراق ڕۆژێک لە ڕۆژان دان بە مافی کوردا نانێن، بەڵام لە لایەکی تریشەوە هەمیشە لابە بەلا و ناڕاستەوخۆ زەمینەیان بۆ بەهێزبوونی ئەو ڕژێمانە خۆش کردووە. بۆ نموونە لە ڕوخاندنی حکومەتی (عەبدولکەریم قاسم )دا، چ وەکو کەسی مەلا موستەفا و چ وەکو شۆڕش، ئاگاداری تەواوی ئامادەکاریەکانی حزبی بەعس بوون و بگرە پێوەندیشیان بە پارتییەوە هەبووە، کە بە نیازن ئەو حکومەتە کە بە ناچاری دانی بە مافی کوردا ناوە بی ڕوخێنن. مەلا موستەفا و شۆڕش ڕێککەوتوون کە شەڕ، لە کاتی کودەتاکەدا، دژی سوپای داگیرکەری عێراق بوەستێنن، مەسعود بارزانی( 2000، لا 69 و 81).

ئەحمەد بانیخێلانی لە پەرتووکی بیرەوەریەکانیدا (1995، لا 179) ئەم مەسەلەیە وا پشت ڕاست دەکاتەوە کە تەنانەت پارتی بروسکەی پیرۆزبایی بەناوی( تلاحمت ثورتي شعبنا، بڕوانە هەمان سەرچاوە لا 179) سەرکەوتنی ئەو

کودەتایەی لە بەعسسیەکان لە ڕێگەی ( سەیدا ساڵح یوسفی ئەندامی مکتەبی سیاسی پارتی) کردووە. هەروەها ئەندام و لایەنگرانی پارتی لە بەغدا بەشداری ڕاستەوخۆیان لەو مانگرتنی قوتابیە عەرەبە نەژادپەرستەکان( قەومییەکان) کردووە.

لێرەدا دیسان هەمان پرسیار دێتە ئاراوە، ئا یا هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول بەسەرکردایەتی مەلا موستەفای بارزان، کارتێکی گوشاری زلهێزەکان بووە یان بە هۆی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بووە؟

لە بەندی پێنجەمی ئەم پەڕتووکە مێژووییەدا، بارزانی دووەم(مەسعود بارزانی، 2000 لا 71) بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکات کە هیچ جۆرە خۆ ئامادەکردنێک لە لایەن بارزانی و پارتییەوە نەبووە بۆ سازدانی شۆڕش، تەنها کۆمەڵێک سەرۆ ک هێز و بنەماڵە نەبێت کە لە هەندێ چیای باشووری کوردستان، لە حکومەت قاچاغ بوون. نەبوونی هێزێکی ڕێکخراوەیی و ئامانجی نەتەوەیی لە لای ئەو هۆزانە ، زۆرجار وای کردووە کە نەتوانن لە بەرەکانی شەڕی دیبلۆماسی و جەنگدا بەرگری لە خۆیان و نیشتمان بکەن. بۆ نموونە دوای سەرکەووتنی کودەتاچیەکان، بەعسیەکان یەکسەر پەشیمان بوونەتەوە و بە یەک ووشەش لە پاشکۆی بەیاننامەی یانزە بۆ نموونە،( لا 481) باسی خواستەکانی کوردیان نەکردووە. هەروەها هیچ بەڵێننامەیەکیش لەلایەن بەعسیەکانەوە نیە کە بەڵێنی دابینکردنی مافی کوردی تیا مسۆگەربێت، کە نووسەر ئاماژەی پێ کردبێت.

نەبوونی پەیماننامەیەکی نووسراو لە نێوان شۆڕشی ئەیلول و کودەتاچیەکانی هەشتی شوباتی 1936، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و بە ئامادەبوونی چاودێرانی نێو دەوڵەتی، کە مافەکانی گەلی کوردی تیا دیاری کرابێت، باشترین بیانووبووە کە بەعسییەکان لە بەڵێنە سەرپێییەکانیان بۆ سەرانی شۆڕشی ئەیلول، پەشیمان ببنەوە و یەکسەر دوای سەرکەوتنیان پەلاماتی کورد بدەنەوە..(بڕوانە بەڵێنەکەی علی صالح لا 83، هەمان سەرچاوە).

ئەنجامە تاڵەکانی هاوکاری شۆڕشی ئەیلول بۆ بەعسیەکان:

هاوئاهەنگی و هاوکاری شۆڕشی ئەیلول بۆ کودەتاچیە عەرەبە نەژادپەرستەکان، نەک تەنها لێدانێکی کوشندبووە بۆ بزووتنەوەی چەپ و حزبی شیوعی عێراق، بەڵکو سەرەتای کارەساتێکی نەتەوەیی گەورەشی بەدواوە بووە کە بەئەنفالی 1988 تەوابوو. گرتنی پێنج هەزار کەس لە دانیشتوانی شاری سلێمانی لە ڕۆژانی 9-10 حوزەیرانی 1963( مەسعود بارازنی، لا 96 هەمان سەرچاوە) و گوللەبارانکردنی 86 کەس و وێرانکردن و سووتاندی باشووری کوردستان، باشترین نموونەیە، هەرچەندە نووسەر لەڕوی سۆزی بنەماڵەییەوە شانازی بەو کەسانە دەکات کە لە زیندانەکانی کودەتا چیبەکان، ئامادە نەبوون تف لە وێنەکەی بارزانی یەکەم(مەلا موستەفای بارزان) بکەن، ( بروانە هەمان لاپەڕە).

سەیرە کە نووسەر گلەیی لە سۆڤیەت دەکات کا یارمەتی حکومەتی کودەتاچییەکانی بۆ لێدانی کورد و شیوعیەکان داوە، بەڵام باسی ئەوە ناکات مەبەسەتی یارمەتی دانی ڕوسەکان بۆ

شۆڕشی ئەیلول بە ئاگاداری باوکی نووسەر (مەلا موستەفای بارزان) ساڵی 1961 لەکرملین لەڕێگەی( ناسکۆڤ)ەوە پارەی چەک و تەقەمەنی بۆ ڕابوون بۆ ناردوون، چی بووە، خۆ حکومەتی قاسم باشترین هاوپەیمانی ڕوس بووە(بڕوانە لا 22 هەمان سەرچاوە).

لەوەلامی ئەوەی کە ئایا شۆڕشی ئەیلول زەمینەی بۆ سەرکەوتنی کودەتای بەعسییە کوردکوژەکان خۆش کردووە؟ ئەوە دەردەکەوێت کە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول، پێی زانیبێت یان نا، هەڵساندگاندێکی زانستی نەبووە دەربارەی سازدانی گەلی کورد بۆ شۆڕشێکی نەتەوەیی، هەروەها بەهۆی خۆبایبوون و نزمی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی و پشت بەستن بەو دەربەگ و ئاغایانەی کەدژی ڕیفۆرمی کشتوکاڵ بوون(شایەنی باسە ئەو ئاغا و دەرەبەگانە گەورەترین زیانیان بە پلەی یەکەم بە بارزانی و دووەمیش بە هەستی نەتەوایەتی و بزوتنەوەی چەپ لە باشووری کوردستان گەیاندووە)، نەچووە بەدەنگ هاوارەکانی حیزبی شیوعییەوە، کە داوای ئەوەی لە پارتیی کرووە کە دەست دانە چەک چونکە بە زیانی بەرەی پێشکەوتووخواز و گەلی کورد تەواو دەبێت. حیزبی شیوعی عیراق لاوازی بزووتنەوەی کوردی، بەلاوازی سەرجەم بەرەی پێشکەوتووخوازان لە عێراق و ناوچە زانیوە، بۆیە هەمیشە لەگەڵ بەکارهێنانی چەک نەبووە بۆ چارەسەری کێشەکان، بانیخێلانی (1995، لا 175).

---

سەرچاوە

مسعود البارزانی (2002). **البارزانی و الحركة التحرريه الكوردية، الجزء الثالث**. اربيل: مطبعة وزارة التربية
ئەحمەد بانیخێڵانی،(1995). بیرەوەریەکانم. سوێد: ستۆکهۆڵم

شارۆ کانی ئەیلول

# سەرەتای شەڕی زەرد و سەوز (مەلایی کۆنترا جەلالی) لە منداڵدانی شۆڕشی ئەیلولدا
## شارۆی چوار

شەڕی خێڵەکان، شەڕی بنەماڵەکان و هۆزەکان هەر وەک بارزانی یەکەم (مەلا موستەفای بارزان) لێ ترسابوو، کە بناغەی ئەو ڕابوونەیان پێکهێنابوو، بەشەڕی براکان کۆتایی پێ هات و بەپێی نووسەر(مەسعود بارزانی، 2000 لا 118) سەرەتای دووشەق بوون بوو لە منداڵدانی شۆڕشێکی کۆرپەدا، کە هێشتا گروگاڵی لە چوارچێوەی گرێدانی خوێن، نەک ڕێکخراوەیی دەر نە چووبوو. ئەوە کارەسات بوو، نەک تەنها بۆ بارزانی یەکەم و بزووتنەوەی نەتەوایەتی باشووری کوردستان، بەڵکو بۆ دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی لەلای تاک و کۆمەڵگەی کوردی.، ئەوە سەرەتای دابەشکردنی ڕەنگی ئاڵای نەتەوەیەک بوو کە بەشێک لە خاکەکەی لە لایەن عەرەبەوە داگیرکراوە.

پێوەندی کردنی ئیبراهیم ئەحمەد( كما تبين من جهة اخرى أن لأبراهيم أحمد علاقة بحكومة الشاه عن طريق العقيد عيسى پيژمان احد ضباط الساڤاك..بڕوانە لا 118) بە دەزگای ساواکی ئێرانەوە، کە سەرسەخترین دوژمنی کوردبووە، بۆ یارمەتی دانی، تاکو پێکەوە لە گەڵ بەعسیە ئەنفالچیەکان ڕابوونی ئەیلول خامۆش بکەن. لێرەدا، ئەکتەرە جیاوازەکانی ناو شۆڕشی ئەیلول، هەر لە بارزانی یەکەمەوە تاکو تاڵەبانی و باڵەکانی تر، بە هەموویانەوە، هەر لە سەرەتاوە تۆی بوون بە داردەستەی بیگانەیان، لە جەستەی بزافی کوردا چاندووە.

هاوئاهەنگی و یارمەتی دانی شۆڕشی ئەیلول بە سەرۆکایەتی بارزانی یەکەم، بۆ سەرخستنی بەعسیەکان لە کۆدەتای هەشتی شوباتدا(**"مهدت ثورة ايلول لقيام هذا الانقلاب و كل الانقلابات الاخرى. انقلاب الثامن من شباط، لا 81، مسعود بارزانی 2002"**) و نسکۆ چەند جارەکانی ئەو شۆڕشە لە نە بوونی ستراتیجێک و ئامانجێکی ڕوون، دەرگای بۆ ئەو دوو شەق بوونەوە ئاوەڵە کرد. ووتوێژە لەیەک چووەکانی بارزانی و شۆڕشی ئەیلول و دووبارە بوونەوەیان، نا ئومیدی دەروونی و بێ هودەیی نەک تەنیا لای زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەوسای پارتی دروستکردبوو، **بەڵکو تاک و هۆزە کوردیەکانیشی خستبووە ناو گێژاوێکی سیاسی و مێژووییەوە**. هەندێکیان هەر لەسەرەتاوە دژی ئەو رابوونە وەستاوتاون و داویانەتە پاڵ حکومەتی ئەوسای عێراق ( وفي معركه میرگەسور اقبلت جموع من جاش الصوفية و الهركية.. لا 32) .

پێوەندی کردنی کەسێکی وەکو ئیبراهیم ئەحمەد بە داگیرکەرانی کوردستانەوە(، یەکێکە لە ئاکامی ئەو سیاسەتە پۆلێنگیریە و تاکڕەویەیە کە بارزانی یەکەم (مەلا موستەفای بارزان) پەیڕەوی کردووە( بڕوانە نووسەر باسی ئەوە دەکات کە بارزانی سەرکردایەتی تەواوی لە دەست دابووە و زۆرجار تەنها ناوی ئەو دەهینێت نەک پارتی دیموکراتی کوردستان، کە تاکە پارتیی بووە لە باشووری کوردستان، (بڕوانە ناوەڕۆکی بڕیارەکانی شەڕ و ئاشتی) . لە هەمان کاتدا بارزانی یەکەم ناچار بووە کە باوەڕی تەواو نەکات بە دەست و پێوەندەکانی کە هەندێ جار بێ پرسی وی کاری سەربەخۆیان کردووە(بڕوانە کردەوە سەربەخۆکەی مەلا ماتۆڕ و بەرگری کردنی لە مجید

گورک کە ویستوویەتی دەست دریژی لە ژنی پێشمەرگەیەک بکات..لا 78 و 79). بارزانی یەکەم زۆر بە ئاشکرا پلەی پارتایەتیی لەو تاوانبارە سەندوەتەوەو ویستوویەتی سزای بدات، بەڵام مەلا ماتۆڕ کە سەربە باڵی مەکتەبی سیاسی بووە، بەرەڵای کردووە(بروانە هەمان لاپەڕە).

نووسەر لە لایەک، ئەوانەی کە لە بەرەی بەعسیەکاندا دژی بارزانی جەنگاون بە جاش و خۆفرۆش ناوی بردوون، لە هەمان کاتدا، ئاماژە بەوە دەدات کە شۆڕشی ئەیلول هاوکاری سەرکەوتنی کۆدەتای هەمان ڕژێمی ، لەسەر ئاستی شۆرشی نەتەوەیەک، نەک لە سەر ئاستی تاک و بنەماڵە، کردووە(("مهدت ثورة ايلول لقيام هذا الانقلاب و كل الانقلابات الاخرى. انقلاب الثامن من شباط لا 81، مسعود بارزانی 2002")). ئەوە پارادۆکس و ناکۆکیەکە بووە لە پراکتیکیشدا پاڵی بەیەکێکی وەکو ئیبراهیم ئەحمەدەوە ناوە کە پێوەندی بەداگیرکەرانی کوردستانەوە بکات، بگرە زۆر لە هۆزەکانی وەکو هەرکی و زیباری بە شانازییەوە دژی بارزانی و شۆڕشی ئەیلول جەنگاون.

خاڵێکی زۆر گرنگ کە پێویستە دووبارە پەنجەی لە سەر دابنرێت، مەسەلەی ووتوێژەکانی شۆڕشی ئەیلولە لەگەڵ حکومەتی عێراقی داگیرکەر، هەر لە یەکەم ڕۆژی سەر هەڵدانیەوە. بارزانی یەکەم هەستی بەوە نەکردووە کە خاکی کوردستان لە باشوور لە لایەن عەرەبەوە داگیرکراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا عەرەبەکان و بزوتنەوەی عەرەبی و حکومەتی عێراق، کوردیان بە میوان داناوە. ئەوە هەڵویستی شوڤێنی ئەوان بووە کەوای کردووە کە عەرەبەکان تەنها سوود لە کات

وەرگرن بۆ دروستکردنی خۆیان، نەک هێنانە دی خواستەکانی کورد. حکومەتە داگیرکەرەکانی عیراق لە کاتی لاوازیدا تەنها لە نێوان ساڵی 1961 تاکو 1964 زیاتر لە 20 جار بارزانی یەکەمیان لە خەشتە بردووە و شەڕیان پێ وەستاندووە تاکو مەرامەکانی خۆیان بهێننە دی، کە بەهێزبوون، دارو بەردی کوردستانیان سووتاندووە( **و انما كان وعدهم الاولي قبل الانقلاب يقصد بتحييد الثورة الكوردية أثناء قيامهم بالانقلاب واطلاق يدهم في مابعد لتصفية خصومهم ه لا 91).** واتە مەبەستی بەڵێنەکەیان ئەوەبووە کە شۆڕشی کورد لە کاتی ئەنجامدانی کودەتاکەیان بێ لایەن بکەن و دواییش دوژمنەکانیان پاک بکەنەوە، لەوانە گەلی کورد.

**خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە، کە بارزانی و شۆڕشی ئەیلول نەیان توانیەوە لە کاتی لاوازی حکومەتی عێراقدا، زیاتر پێ لە خواستەکانی گەلی کورد دا بگرن،** لێرەدا عەرەبەکان بە شێوەیەکی کارامە لە سایکۆلۆژیەتی (دەروونی) خێڵەکی کورد تێگەیشتوون، کەچەند سادەو ئاسان بۆیان هەڵدەسوڕێت هەڵیان خەڵەتێنن. بۆیە جار لە دوای جار دەسی دەسیان بە مەلا موستەفا و بگرە بە باڵەکانی تری بزافی کورد لەو پارچەیەی کوردستان کردووە. هەروەها وتووێژەکان تەنها لە نێوان بارزانی و حکومەتی عێراق بووە،( لایەنی سێیەم) لایەنێکی نێو دەوڵەتی بەشداری ئەو وتووێژانەی نەکردووە، هەرچەندە بارزانی یەکەم، بەپێی نووسەر (مەسعود بارزانی 2000) پێوەندێکی باشی، بۆ نموونە لە گەڵ ڕوسەکاندا هەبووە.

---

سەرچاوەکان

سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە

Eriksson, LT& Paul. FW. (2008). *Att utreda forska och rappotera*. Slovenien: Liber

Northouse, GP.( 2003). *Leadership, theory and practice. Usa:* saga publications

سەرچاوەی کوردی

مسعود البارزانی (2002). البارزانی و الحركة التحرريه الكوردية، الجزء الثالث. اربيل: مطبعة وزارة التربية

# مەسعود بارزانی: سەددام حوسین لە ئێوارەی 11 ئازاری 1970دا
# کەسێکی ئازا و ڕاستگۆ بوو

شارۆی پێنج

ليس بوسعي وانا بصدد هذا الحدث العظيم في تأريخ الشعب الكوردي أن اغفل الشجاعة و الجدية التي ابدها صدام حسين في هذا المجال ولا بدوره المركزي من الجانب الحكومي بأخراج هذا الاتفاق الى حيز الوجود، (مسعود بارزاني، 2000 لا 243). واتە من ناتوانم ئازایەتی و ڕاستگۆیی سەددام حوسێن لە بیر بکەم کە ئەو ئێوارەیەی ڕێککەوتنی یانزەی ئازار مۆرکرا، کەوا ڕۆلێکی بالای هەبوو لەسەر ئاستی تاک و ئاستی حکومەت بۆ لە دایکهێنانی ئەو ڕێککەوتنە.

دوای دەها ڕێککەوتن و شەڕ و پێکدادان لە نێوان گەلی کورد و ڕژێمی عیراقی عەرەبیدا و لە کاتژمێری هەشتی ئێوارەی یانزەی ئازاری 1970 دا. ڕێکەوتننامەیەکی مێژوویی پەسەندکرا، (مەسعود بارزانی، 2000 لا 244).

وەکو ڕێککەوتنەکانی تر، دوای هەڵپڕین و ئاهەنگ دیسان حزبەکەی هەمان سەرکردەی ئازاو ڕاستگۆ (سەددام حوسێن) کەوتەوە فێڵ کردن و پلاندانان بۆ لێدانی کورد. بەعسییەکان نەک تەنها ناوی کورد لە مێشکیاندا جێی نەدەبووەوە بەڵکو ئەو ڕێککەوتنەشیان بەناچاری و لە ژێر پیلانیکی ورددا بۆ خشتە بردنی بارزانی یەکەم کردبوو. بە ئاشکرا و بەنهێنی دوای

مانگێک لێرەو لەوێ دژی خواستەکانی کورد، بەشێوەیەکی تر کاریان دەکرد.
کاتێک لە سلێمانی ڕۆژی 3/24 هەمان ساڵ کۆبونەوەیکی جەماوەری بە ئامادەبوونی نوێنەری پارتیی و بەعس( طەجزراوي، لا )250 دەکرێت، کە نوێنەرەکەی پارتیی باسی کوردستانیەتی کەرکوک دەکات، بەعسیەکان پێیان ناخۆش دەبێت. لە 12ی نیسانیشدا لە موسڵ بە هاندانی بەعسیەکان پەلاماری لقی یەکی پارتیی لەلایەن جاشە کوردەکانەوە دراوە، (هەمان سەرچاوە لا 249)، ڕوداوی تریش لەو جۆرە ڕوی داوە، بەڵام سەیرە لەوەدایە کە نووسەر ناوی **نەوشیروان موستەفای** بەبێ بەڵگەیەکی بەرجەستە و دیار بە تاوانبار ناو بردووە گوایا پیاوەکانی لە ڕۆژی 14 ئازاری هەمان ساڵدا، نارنجۆکێکیان خستوەتە ناو قوتابخانەیەکی کچانەوە لە شاری سلێمانی( لا 249 هەمان سەرچاوە) ، واتە سێ ڕۆژی دوای ڕێککەوتننامەکی یانزەی ئازار.
نووسەر زۆر ووشەی جاشی بەکارهێناوە، هەرچەندە دوایيش بەلێبوردنیکی گشتی، بارزانی یەکەم لە تاڵەبانیش بوراوە.
تەنانە سەرۆکی ئەوسای عێراق، (ئەحمەد حەسەن بکر)یش لای سەیربووە کە شۆڕشی ئەیلول زۆربەی جاشەکانی بە ماوەیەکی کورت کردووەتەوە بە پێشمەرگە(هەمان سەرچاوە لا 678 بڕوانەو هەمان سەرچاوە). هەمان سیناریۆی ڕاپەڕینی 1991 کە سەدەها جاش بە شەو و ڕۆژێک شەرەفی پێشمەرگەو تێکۆشەریان لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە پێ درا.
پاسەوانی سنوور لە باتی پێشمەرگە، داهێنانی بەعسیەکان بوو بە ڕەزامەندی شۆڕشی ئەیلول:

گۆڕینی ناو پێشمەرگە و کردنیان بە پاسەوانەکانی سنوور یەکێک لە گەورەترین هەڵەی ئەوسا شۆڕشی ئەیلول بووە، کە لە ئێستای حکومەتی عەرەبی عێراق دیسان لە لایەن دەسەڵاتی کوردییەوە پەسەند کراوەتەوە،(بڕوانە هەمان سەرچاوە لا 249).

بەعسییەکان دەیانزانی ناوی پێشمەرگە گرێدەرێکی گیانی دەبەخشێت بۆ گەلی کورد، بۆیە نەک تەنها لە بەرەکاندا دەیانویست بیشکێنن و ئەنفالی بکەن، بەڵکو بە نیازبوونە پیرۆزی ئەو ناوە لە دڵ و دەرونی گەلێکی ژێردەستدا بسڕنەوە. بۆ؟ چونکە پێشمەرگە سیمبۆل و هێمای سەربەخۆیی و گیانفیدای کورد و کوردستانە. ئەوە جۆرێکی شەڕی دەروونی بووە کە بەعسییەکان کارامە بوون لەو داهێنانەدا. لێ چۆن ناوی ئەسحابە بۆ عەرەب و ئیسلام پیرۆزە و گۆڕینی بڤەیە، بۆ کوردێکیش کە کوردستانپەروەربێت، ئەوسا و ئێستاش پێشمەرگە هێمای سەرکەوتن و لەشکری بە ئەمەکی کوردستانە.

شۆڕشی ئەیلول هێندە لە خەمی داماڵینی چەکی جاشەکانی شەست و شەش بووە، هێندە پێی لەوە دانەگرتووە کە نابێت ناوی پێشمەرگە بگۆڕدرێت، دیسان بەعسییەکان بۆ شەڕی ئایندەیان لەگەڵ کورد یارمەتی هەڵهاتنی زۆربەی ئەو چەکدارانەیان داوە.

ئەوەی لە بەیانی یانزەی ئازاردا نابینرێت، دیاری کردنی سنووری باشووری کوردستان و مافی کوردە وەکو میللەتێک کە نیشتمانێکی سەربەخۆی خۆی هەبێت، بەڵام باسی یەککگرتنی خاکی عەرەب و بوونی سەربەخۆیی گەلی فەلەستین کراوە( لا 615)، لیرەشدا شۆڕشی ئەیلول و سەرکردەکانی لە لایەن عەرەبی داگیرکەروە لەخشتە براون. هەرچەندە لە پرۆژەی

ئۆتۆنۆمیدا، بەندی سێ. بارزانی یەکەم بە ڕاشکاوی سنووری کوردستانی لە 17-3-1970 دەستنیشان کردووە(لا 648-649) و سووربووە لە کوردستانیەتی شاری کەرکوک و ناوچەکانی تر.

هەمان سیناریۆی 1970 دوای 39 ساڵ شەڕ و خوێن و ئەنفال سەد بارە دەبێتەو. لێرەدا ئەگەر کەسێک سیاسیش نەبێت، تەنها تێکست و بەڵگەنامەکانی ئەم گەنجینە مێژوویە بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت، کە عەرەب بە لایەنی ئیسلامی و بەچەپیشەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر ئەوە ڕازی نابێت کە کورد جارێ سەربەخۆیی بدات.

لێرەدا تەنها عەرەبی داگیرکەر تاوانبار نیە، بەڵکو هەڵە گەورەکان هی ئەو هێزە کوردیە بزوێنەرانەن کەزیرەکن، کە دڵ و گیانی کورد جارێک بۆ سەماکردن بجوڵێنن جارێکی تریش بۆ ناو ئاگر بەرێی بکەن. گۆڕینی باشووری کوردستان بە شیمال العراق و گۆڕینی ناوی کەرکوک بە تأمیم و دواجار ناوی پێشمەرگە بە (حراس الحدود) پاسەوانی سنوور باشترین بەڵگەیە کە داگیرکەران بە بەرنامە کاردەکەن و سەرانی کوردیش هەرەمەکیی و پاشکۆی ڕووداوەکانن و هەمیشە دروستکردنەوەی ماڵی داگیرکەرانیان لا گرنگتر بووە لە ئاواتی شەهیدانی کورد. هەروەها سەیر لەوەدایە کە دەسەڵاتی کوردی لە باشوور هەمیشە هەمان تاکتیک و ستراتیجی بەکارهێناوە چ لە شەڕدا یان وتوێژدا، بۆ نموونە کەسێکی وەکو دکتۆر مەحمود عوسمان ، هەمان ئەوە نوێنەرەیە کە پێش 39 ساڵ لە مەوبەر لەگەل حکومەتی عیراقدا بۆ وتوویژ ئەمرۆ چووتە بەغدا،( هەمان سەرچاوە لا 240). دەسەلاتی کوردی تا ئەمڕۆش هەلسەنگاندێکی

بابەتیانەی لەمەڕ  بزوتنەوەی ڕزگارخوازی کورد لە باشووری کوردستان نەکردووە و ئەو ئەزمونانەی بەهەند وەرنەگرتووە لە سەرکەوتن و شکستیەکانی.

---

سەرچاوە

مسعود البارزانی (2002). البارزانی و الحرکة التحرریه الکوردیة، الجزء الثالث. اربیل: مطبعة وزارة التربیة

شارۆکانی ئەیلول

## مسعود بارزانی:
## باوکم لەبەر نەخۆشی و تەمەن نەیتوانی بەردەوامی بەشۆڕشی ئەیلول بدات

شارۆی شەش

سەرباری سەرکەوتنی بەردەوامی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ، سەرباری ئەوەی کە زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندنی دژی هەڵوەشاندنەوە و هەرەسپێهێنانی شۆڕش بوون، بەڵام بارزانی یەکەم (مەلا موستەفا) بەتاکڕەوی (بڕوانە لا 874. هەمان سەرچاوە) و بەبێ گەڕانەوە و پەسەندکردنی ڕای زۆربە بۆ بەردەوامی شۆڕش، بڕیاری هەرسهێنانی ئەو شۆڕشە وەرگرت کە سەدەها لاوی کوردی تێدا شەهیدبوو و لە هەمان کاتدا بووبووە ئومێدی کوردی پارچەکانی دی کوردستان. تەنانەت خودی مسعود بارزانیش دژی ئەو بڕیارە بووە (كان من رأيي المقاومة والدفاع، لا 347)، هەرچەندە لەو کاتەدا گەنجێک بووە. بارزانی بە بیانوی نەخۆشی و چووە تەمەنەوە کۆتایی بە شۆڕشی نەتەوەیەکی چەند ملیۆنی هێناوە. لێرەدا تەنانەت باری دەروونی و کەسێتی خودی ئەندامی و دۆستانی پارتیش بەو بڕیارە بریندار کراوە و گورزێک بووە لە کەسێتی نەتەوەیی تاکی کورد ( بوسعي ان اؤكدا بأن البارزاني كان سيواصل قيادة الثورة عمليا لولا تقدمه في السن..لا. 347، مسعود البارزاني 2002).

ئەجندەدە شاراوەکانی بڕیاری هەرەسپێهێنانی شوڕشی ئەیلول:

- یەکێک لە هۆکارە سەرکییەکانی دارمانی شۆڕشی ئەیلول، جگە لە فاکتەری ناوەکی، هاوکێشە نایەکسانەکانی پێوەندییەکانی بارزانی و سەرکردەکانی دی ئەو شۆڕشە بوون لەگەڵ هێزە ناوچەیی و جیهانییەکاندا. بارزانی یەکەم، ئەو ڕێکەوتنانەی کە پێوەندبوون بە مانەوەی کەسێتی نەتەوایەتی کوردەوە، دوولایەنە و بێ چاودێری لایەنی سێیەم و جیهانی پەسەندکراون و پرتۆکۆلێکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە کە ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنانە بخاتە بەردەم میللەتی کورد لە لایەک و لایەنی ناوچەیی و جهیانی لەلایەکی ترەوە، کە بۆ کورد وەک نەتەوە ببنە جێگەی بەرگری.
- بارزانی یەکەم و پارتی، ئەزمونی زۆریان هەبوو لەگەڵ هەردوو ڕژێمی مرۆڤکوژ و فاشست، فارس(ڕوخاندنی کۆماری مەهاباد) و عەرەبی داگیرکەر(کودەتای هەشتی شوبات 1963)، سەرباری ئەوە هێشتا پێناسەیەکی تەواو و سودیان لەو ئەزمونانە وەرنگرتبوو. بەشێوەیەکی زانستی نە یانتوانی ئەو پێوەندییانە بە قازانجی خۆیان تەواو بکەن. بارزانی بەهەرسپێهێنانی شورشی سەد هەزار پێشمەرگەیی، بەهەزارەها کوردی سیڤیلی کرد بە قورگی بەعسیە قەومیەکانی هەشتی شوباتا.. تەنانەت ئەو هەرسهێنانە بووە هۆی لاوازی تەواوی بزوتنەوەی دیموکراتی. بارزانی دەیتوانی پێش وەخت پێوەندی لەگەڵ لایەنی دی ببستێتەوە و لەوانە حزبی شێوعی کە هێزێکی جەماوەر باشی هەبوو. بارزانی چەند نامەیەکی درەنگ وەختی بۆ سۆڤیەت ناردبوو، چەند ڕۆژێک پێش

بڕیاری هەرسهێنان( نامەی 1975/3/6 بۆ بالوێزی سۆڤیەت لا 859 هەمان سەرچاوە). بارزانی هێندە بێبەرامبەر بڕوای بە ئەمریکاو شا کردبوو، کە هەموو دەروازەکانی تری لەخۆی داخسبوو. ئەم ڕاستیە لەداو نامەی بارزانی بۆ هنری کیسنجەر ڕەنگی دابووەوە(بڕوانە لا 345 هەمان سەرچاوە) کە چەند لەو هێزانە بێ ئومێد بوو پێش یانزەی ئازار بە چەند ڕۆژێک، کە خۆی و میللەتی کوردی خستبووە ژێر ئالای ئەو دو هێزەوە بەبێ هیچ ڕێکەوتنێکی ستراتیژی.

ئاکامە مێژوویی، کۆمەلایەتی، سیاسی و دەروونی:

- یەکێک لە ئاکامە مێژووییە ترسناکەکانی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول، لێدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و لاوازکردنی هێزە ئازادیخوازە دیموکراتەکان لە ناوچەدا و کردنەوەی دەروازەیەک بۆ بەهێزکردنی ڕژێمی داگیرکەری عێراق و دەستپێکردنی یەکەم ئەنفالی چۆلکردنی ژینگەی لادێ بوو و لەگەل شالاوی تەعریبکردنی شاری خانەقین تاکو شەنگار بەکەرکوکیشەوە. چونکە تا ئەو کاتەی کورد بەهێزبوو هێشتا عەرەب نەیدەتوانی بەو شێوە فراوانە باشوری کوردستان تەعریب بکات.

- ئاکامە کۆمەلایەتییەکەی، تێکدانی ژینگەی کۆمەلایەتی ناوجەرگەی کوردستان بوو، چولکردنی سنووری نێوان پارچەکانی کوردستان بوو بە زیاتر لە دە کیلۆمەتر.

چەپاندنی دانیشتوانی گوند و شارۆچکە سنووریەکان لە ئۆردوگای زۆرە ملێ و تێکدانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پساندنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوو.

- لە ڕوی سیاسیەوە، هەرسهێنانی سوپای کوردستان( پێشمەرگە) کە پشتیوان و تاراەدەیەک بەرگری خەڵکی کورد بوو، هەرچەندە زۆربەی بەرپرسەکانی لە سەرۆک هۆزو دەربەگەکانی سەربە پارتی پێکهاتبوون و کە جاری ئاشبەتاڵ درا، زۆریان بوونە درندەدترین دوژمنی گەلی کورد و لە ئەنفالی 1988 دا گەورەترین ڕۆڵیان بۆ لە ناوبردنی گەلی کورد بینی.

- ئاکامی دەروونی: بێبڕوای و شکاندنی خودی تاک و کۆمەڵگەی کوردی بەرامبەر ئەو دۆزانەی کە پێوەندی ڕاستەوخۆی هەبوو بە بوونیەوە. خۆ بەکەمزانین بەرامبەر بە عەرەبی داگیرکەر و وابەستەبوونی هەمەلایەنە بە هۆی لاوازی هاوکێشەکەوە، کەعەرەب وەک نەتەوە دیسان بەسەر کورددا سەرکەوتووە. دێپۆرتکردن و دورخستنەوەی زۆرەملێی هەزارەها خێزانی کورد بۆ ناوچە عەرەبیەکان و سوکایەتی پێکردنیان لەلایەن نەتەوەی عەرەبەوە. دەرکردنی هەزارانی دیش لەسەر کار و کاسپییان لە باشووری کوردستان.

سەرچاوە

مسعود البارزانی (2002). البارزانی و الحركة التحرريه الكوردية، الجزء الثالث. اربیل: مطبعة وزارة التربية

شارۆ کانی ئەیلول

# مەسعود  بارزانی: سەرۆکی ئێستای عێراق چوارملیۆن و  دووسەد هەزاردۆلاری شۆرشی ئەیلولی برد*

## گریمانە زیانبخشەکانی بوونەوەی تالەبانی بەسەرۆک عێراق بۆ پارتی و کورد

شارۆی حەوت

دوای هەرسهێنانی چەکدارەکانی شەست و شەش و بلاوە پێکردنیان لە سالی 1970 و وەرگرتنەوەی جەلال تالەبانی و یاخبوەکانی تر، کە تەواوی توانای خۆیان خستبووە گەڕ بۆ لەناو بردنی پارتی  و  بارزانی یەکەم، کۆمەلێک ئەجەندەی نوێ خۆیان هاویشتە ناو بزوتنەوەی ئەیلولەوە، لەوانە نزیکبوونەوەی سەرلەنوێی بارزانی و حکومەتی بەعسی فاشست و بڕواهێنان بەو بەلێنە سەرپێیانەی کە دابویان بۆ چارەسەری کێشە کورد لە باشووری کوردستان. هەروەها بارزانی یەکەم بەشێوەیەکی کاتی توانی مالی کورد یەکبخاتەوە و چەکدارەکانی شەست و شەش وەک جاران وەربگرێتەوە و تەنانەت جەلال تالەبانی کە چوارملیۆن و دووسەد هەزار دۆلاری ئەوسا شۆرشی ئەیلولی دەستبەسەرا گرتبوو بەبێ هیچ لێپرسینەو و سزایەکی حزبی بووەوە بە ئەندامە بزێوەکەی پارتی، بەلام بە نیازێکی جەلالیانەوە، (اتهم عمر دبابة بأن ابراهيم و جلال قاموا بالاحتفاظ لنفسهما على مبلغ قدره مليون واربعمائة الف دينار،

وهو مايعادل قرابة أربعة ملايين و مائتي الف دولار وان جلالا ذهب الى الكويت حيث اودعه باسمه في احد المصارف. لا، 255-256، مسعود البارزانی 2002).

بارزانی یەکەم بەپەرۆشەوە بوو بۆ یەکخستنەوەی ماڵی کورد و پڕکردنەوەی کەلێنەکانی، ئەوە کارێکی ئەرێنی و پۆزەتیڤبوو کە گوڕێکی باشی بەخشییە پارتی و بزوتنەوەی ئەیلول. وەرگرتنەوەی تاڵەبانی و هاوڵەکانی بەو شێوە کتوپڕەو بەبێ لێکدانەوەیەکی قوڵ نەک تەنها زیانی دەروونی کۆمەڵایەتی لەلای ئەندام و لایەنگرانی پارتی دا، بەڵکو تارادەیەک بواری دا کە لە ژێرەوە تاقمی ئیبراهم-تاڵەبانی دژی بارزانی و بزوتنەوەکەی کاربکەن و سەرلەنوێ پەنا بۆ داگیرکەرانی کوردستان بەرنەوە بۆ سەرکەوتنی خۆیان و لێدانەوەی تەنانەت بارزانی دووەم و تێکدانی بزوتنەوەی گوڵان، نموونە: ( ذكر لي جلال الطالباني بأنه في العام 1983 عندما كان في بغداد يتفاوض سمع من صدام أن محاولة اغتيال الوالد في يوم 29 أيلول 1971 كانت بعلم منه و بأعترافه هو نفسه وأنه ابدى أسفه لأن العملية باءت بالفشل ولم يصب البارزاني بسؤ كما كان المأمول، لا 260 مسعود البارزانی 2002). واتە جەلال تاڵەبانی لە پیلانی تیرۆر کردنی بارزانی لە 29 ئەیلولی 1971 دا ئاگاداربوو و پێشی ناخۆش بووە کە ئەو پیلانە سەری نەگرتووە کاتێک ساڵی 1983 لە وتووێژدا گوێی لێبووە کە سەدام ئەوەی باس کردوە. تاڵەبانی و هەوڵەکانی بۆ پاکسازی پارتی و مانەوەی خۆی وەک سەرکردەیەک هەردەم بەردەوام بووە.، چەند جارێک و بە چەند شێوازێک بووە، لەوانە لە رێگەی

دەستبەسەراگرتنی ئابوری، پەنا بۆ داگیرکەران(دروستکردنی بزوتنەوەی 66) و تەنانەت پاکسازی جەستەیی و تیرۆر.

کەواتە بەستەری نێوان هەوڵەکانی تاڵەبانی و هەڵوێستەکانی دوێنی و ئەمڕۆی هەمان گرێکوێری دەسەڵاتن کەئەو پیرە لەسەرمەرگیشدا گیانی دیموکراتی تیانیە و ڕێبازێکی میکاڤیلی هەیە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، ئەگەر بەسەر لاشەی نزیکترین کەسانی نزیک خۆی بێت، نەک تەنها کورد.

بۆ وەڵامدانەوەی (گریمانە زیانبخشەکانی بوونەوەی تاڵەبانی بەسەرۆک عێراق بۆ پارتی و کورد) لەگەڵ کۆێ ئەو هەڵوێستانەی کە دژە بە بەرژەندی کوردن، کوردستان خەونی شاعیرانە، ڕزگارکردنی سولتان هاشم و سەددام دادوەرە نەک دوژمن، ئەوەی دژی تۆرانیەکان بێت تیرۆریستە، ئازادکردنی ئەو فرۆکەوانەی کە بەشداربوو لە کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە ..هتد لە هەڵویستی تر کە تەنها بە زیان بۆ کورد گەڕاونەتەوە، سەرباری هەڵوێست و پلانەکانی بۆ لە ناوبردنی پارتی، مەسعود بارزانی و سەرکردەی پارت و ڕێکخراوەکانی تری کورد گەورەترین هەڵەی مێژوویی دەکەن کە تاڵەبانی وەک کاندیدی سەرۆکی عێراق هەڵدەبژێرنەوە. ئایا لە کوردستانێکی پان پۆردا، یان لە عێراقدا کەسێکی تر چنگ ناکەوێت کەسەرۆك بێت.  دور نیە وەک تاکتیک بوونەوەی تاڵەبانی بەسەرۆکی عێراق قازنجێکی کاتی بگەێنێت بە پارتیی وەك پارتیی، ئەی بەرژەندییە بالاکانی گەلی کورد؟ پێویستە بارزانی دووەم(مەسعود بارزانی) ئەو پرسیارە لەخۆی بکات، پێش ئەوەی

تاڵەبانی بە باشترین کاندیدی سەرۆک هەڵبژێریت. ئەوە پرسێکی چارەنووسسازە..

دەستەبەر و ئەنجامەکان

- پەسەندکردنی تاڵەبانی بۆ سەرۆکی عیراق، پێش ئەوەی بەکەمزانینی پارتی بێت، دۆڕاندنی کۆمەڵێکی تری دەسکەوتی کوردە، چونکە هەڵویستەکانی تاڵەبانی ناسراون کەچەند زیانبەخشن بۆ کورد و قازانجی داگیرکەرانی کوردستانن.
- تەنانەت بارزانی یەکەم هەمیشە بە گومان بووە لە کەسێتی تاڵەبانی و هەندێ جار زانیویەتی کەزیانی چەندە. کاندیدکردنی تاڵەبانی لەلایەن بارزانی دووەمەوە (مەسعود بارزانی) بۆ سەرۆکی عێراق، بەمەبەستی (دوورخستنەوەی ئاگرە سوورە لە هەرێم) دوورە، بێ بڕواییە بەرامبەر بە هەندنێک لە ئەندامانی پارتی کە زۆر لە تاڵەبانی گورجتر و کارامە ترن.
- پەسەندکردنی تاڵەبانی وەك سەرۆک جۆرێکە لەبێبڕوایی لە لای ئەو پارت و ڕێکخراوانە بە خۆیان و ئەندامەکانیان و گۆێ نەدان بە دۆزی کورد بە شێوەیەکی دڵسۆزانە.

پەسەند نەکردنی تاڵەبانی وەک سەرۆکی عێراق

- پەسەند نەکردنی تاڵەبانی وەک سەرۆکی عێراق کەیسی کورد لە باشووری کوردستان دوچاری هەمان هەڵەی سالانی پێشو ناکەتەوە. نەمانی تاڵەبانی لەسەر نەخشەی سیاسی تاڕادەیەک کێشی کورد لەسەر ئاستی

عێراق و کوردستان سەنگینتر دەکات، چونکە وەک ئامـاژەم پێدا تاڵەبانی بۆ مانەوەی خۆی ئامادەیە هەموو شتێک بکات.

- پەسەندنەکردنی تاڵەبانی وەک سەرۆکی عێراق، خەوی عەرەبی داگیرکەر لە باشووری کوردستان دەڕوێنێتەوە، چونکە باش دەزانن تالەبانی لە عەرەبێک بۆ ئومەی عەرەبی دڵسۆزترە و دەتوانن پتر ناچاری بکەن بۆ هێنانەدی مەبەستەکانیان. هەمان وێنەی یەلسن کە ڕوسیای دارِزاند.

سەرچاوە

*مسعود البارزانی (2002). *البارزانی و الحرکة التحرریه الکوردیة، الجزء الثالث*. اربیل: مطبعة وزارة التربیة

## دوا ئەنجامگیری

ئەم گەنجینە مێژوییە (البارزانی و الحركة التحررية الكوردية) کۆمەڵێک ڕوداوی زیندو و چەندبارەو بووەوەی لە خۆگرتووە، هەربۆیەش لە کاتی خوێندنەوەیدا سەرنجی ڕاکێشام کە ئەم هەڵسەنگاندنە و توێژینەوەیەی لەسەربکەم. وەک نەریتێک بە باشی دەزانم سەرکردە کوردەکان مێموار و یاداشتی خۆیان بنوسنەوە. لە ئەنجامی پێداچوونەوەی ئەم پەرتووکە و کۆنووسینی شارۆکان ئەم درئەنجامە کۆتاییانەم دەستبەر کردووە:

کەلێنە گشتیەکانی ئەم پەڕاوە مێژووییە:

0. دیاری نەکردنی هێڵ و ئایدیۆلۆژیای شۆڕش یان بزوتنەوەی ئەیلول. ئایا ستونەکانی سەرەکییەکانی ئەو بزوتنەوەیە چی بوون؟ ئایا بزوتنەوەیەکی خێڵەکی یان مۆدێرن بووە، چونکە هەروەک بارزانی یەکەم(مەلا موستەفای بارزان) ئاماژەی پێداوە زۆرجار سەرۆک خێڵ و بنەماڵەکان ڕۆڵی دیاریان لە هاندانی جەماوەر بینیوە و هەندێ جاری دیش گەورەترین ڕێگر بوون لە بەردەم شۆڕشدا.
1. پێوەندیەکانی ئەو بزوتنەوەیە بە هێزەکانی ناوەو و دەرەوە. هەندێ جار یارمەتی بە ئاشکرا لە دوژمنان و داگیرکەران بەبێ تێڕوانینێکی زانستی وەرگیراوە بەبێ ئەوەی قازانجی نەتەوەیی بخرێتە پێش ئەو پێوەندییانە. بڕوانە پێوەندییەکان ئەیلول لەگەڵ ئێران-ئەمریکا ڕوسیا و پیوەندییەکانی لە گەڵ ڕژێمی

بەعس..هتد دوا پێوەندی لە گەڵ ئێران کە بە ئاشبەتاڵی ئەو بزوتنەوەیە کۆتایی پێ هاتووە.

2. ئەم پەڕاوە نە یتوانیوە دەست بخاتە سەر ئەو خالانەی کە ئایا شۆڕشی ئەیلول بەرنامەیەکی ڕون و دیاری هەبووە بۆ کۆتایی پێهێنانی شۆڕش و کشانەوەیەکی زانستی کە نەتەوەی کورد بە کەمترین زیان تێیدا دەربچێت.

3. ئەم پەرتووکە نەیتوانیوە پێناسەیەکی ڕون و توکمە بخاتە بەردەست خوێنەر، کە شۆڕش و بزوتنەوەی ئەیلول چیە، بنەماکانی چین؟ کە پێکهاتەو قەوارەی شۆڕش چین؟

4. زۆرجار نووسەر کەسێتی بارزانی یەکەم و شۆڕشی کردووە بەدوو بەشەوە. بۆ نموونە لەلایەک باسی لێهاتووی و بارزانی یەکەم و لەلایەک باسی پارتی وەک پێکهاتەیەکی جودا دەکات، بەتایبەتی لە وەرگرتنی بریارە گرنگەکان. بروانە شارۆی (ژمارە شەش، بڕیاری ئاشبەتاڵ و کۆتاییهێنان بە شۆڕش لا ٢٩).

5. نووسینەوەی ڕوداوەکان یەک لایەنەیە و پێشت بە سەرچاوەی دەرەوەی بڕوانامەکانی پارتی نابەستێت، مەبەست لایەناکانی سەکۆی سیاسی لە باشوری کوردستان و جهیان، لێرەشدا تاڕادەیەک گومان دەکەوێت ڕاستی ئەو یادشتانەی کەنوسراون. بۆ نموونە باشتر دەبوو ئەگەر بۆ پشتڕاستکردنەوە، پشت بە بڕوانامەی حزبەکانی تر یان لایەنە نەیارەکاندا(باڵی جەلالی ١٩٦٦) یان حشع و بەعس ببەستێت.

6. دەبوو نووسەر بەو چاوەوە ڕوداوەکانی هەڵسانگاندایە کە بزوتنەوە یان شۆڕشی ئەیلول هێزێکی بزوێنەری خاوەن پایەی ناو کۆمەڵگەی کوردیە لە باشوری کوردستان، نەک زۆربەی سەرکەوتنەکانی گرێ بدایە زۆرجار بە کارامەیی و لێهاتووی کەسێتی(مەلا موستەفا) بارزانی یەکەم و پارتییەوە، شکستیەکانیش بە تاوانی داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنانی پارتی و بارزانییەوە.
7. نووسەر زۆر کەم باسی ڕۆڵی ئافرەتانی باشوری کوردستانی کردوە. ئەوش ڕەنگدانەوەی بوونی بەهێزی پیاوسالارییە لە باشوری کوردستان.
8. زمانی نوسینی ئەم بەڵگە مێژووییە لە هەندێ شوێندا زبرەوە لە ساتندەری نوسینێکی مێژوویی دەرچووە. بۆ نموونە بڕوانە باسکردنی جاشەکانی شەشست و شەش و پێناسەی حزبی شیوعی بە(المرتزقة بڕوانە لا ٢٨٣) واتە بەکرێگیراو. هەرچەندە لەبەر بریاری دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیارەکانی کوردستاندا و هەڵوێستی خودی ئاغا و دەربەگان، کە زۆربەیان چوبونەوە ناو پارتییەوە، دژ بە پرۆسەی ریفۆرمی کشتوکاڵ، ئەوان ڕۆژانە تیرۆر و ڕاوەدونانی خەڵکانی پێشکەوتوخواز و شیوعییەکانیان دەکرد. هەرچەندە پارتی و خودی بارزانیش چەندجارێک لە گەڵ دوژمنانی کورددا هاوپەیمان بوون ("مهدت ثورة ایلول لقیام هذا الانقلاب و کل الانقلابات الاخری. انقلاب الثامن من شباط لا 81، مسعود بارزانی 2002"). گرنگی زمانی زانستی لە مێژوو

نوسینەوەدا لەوەدایە، کە دورە لە لایەنگری و شکاندنی کەسێتی نەیار، هەروەها دانی وێنەیەکی ڕاستە بە خوێنەر کە خۆی بریار و هەلسەنگاندن بکات.

خاڵە پرشنگدارەکانی ئەم پەرتووکە:

0. سەرباری کەلێن و کەمابیسیەکانی و ئەو خاڵە لاوازانە کە خستمنە رو. بەڵام ڕزگارکردنی بەشێکی گرنگی یاداشتە مێژوویەکان لە نەمان، بەهێزترین خاڵی ئەم پەڕاوەیە کە دەبێت لێکۆڵینەوەی زیاتریان بۆ بکرێت تاکو پتر زانیاری دەربارەی بڕبڕەکانی کۆمەڵگەی کوردی بزانرێت. لێ پێویستە بەچاوێکی نزمەوە سەیر نەکرێن ئەزمونیان لێوەرگیرێت، بە تایبەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا.
1. لە ڕوی مێژوویی سیاسی باشوری کوردستانەوە، ئەم پەرتوکە توانیویەتی تارادەیەکی بەرچاو پێکهاتەی کۆمەلایەتی و سیاسی هێزە بزوێنەرەکانی کۆمەڵگەی کوردی شیبکاتەوە و باسی ئەو خێڵ و بنەماڵە و هێزە سیاسیانە بکات کە نەتەوەی کوردیان پێکهیناوە و زۆرجاریش جڵەوی بزوتن و پارتە سیاسیەکانیشان لە دەستە. هەندێ جاریش بەشێکی بزۆز و گرنگن لە کێشەو کلیلی چارەسەریان لە خۆ گرتووە، بە تایبەتی لە گەڵ ڕژێمی داگیرکەری عەرەبی عێراقدا(بڕوانە ڕێکەوتنی یانزەی ئازار ١٩٧٠) کە دان بە بوونی کورد دا نرا. بگرە تا ئەمڕۆش هێزی جیهانیەکان ناتوانن فەرامۆشیان بکەن.

2. لەڕوی کۆمەڵناسی مێژووییەو، نووسەر توانیویەتی تاڕادەیەک پێناسەیەکی دروستی کۆمەڵگەی کوردی بخاتە بەردەم خوێنەر، بە تایبەتی ئەو توێژ و چینەی کە هەن و باسی ئاستی پێشکەوتنی ئەوسای هەمەلایەنەی کۆمەڵگەی کوردی بە تێر و تەسەلی بکات.

3. نووسەر بوێرانە و ئاشکرا، بە ئاگا یان بێ ئاگا توانیویەتی باسی پێوەندی بارزانی و پارتی بە جیهانی ناوچە و دەرەوە شیبکاتەوە و ناوی زۆر کەس و لایەن بهێنێت کە پێوەندی دار و ناسراو بوون ڕۆڵیان هەبووە لە دارشتنی سیاسەتی ناوچەکە. ئەم ناوبردنەش وەک سەرچاوەیەکی مێژووی دەژمێردرێت.

4. دەتوانرێت ئەم پەرتوکە وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی لە نێویدا سود لەو بەڵگەنامانە وەربگیرێت، بە تایبەتی بۆ وتوێژ لە گەڵ ڕژێمی داگیرکەری ئەمڕۆی عێراقدا کە دوای چەند ساڵێک دانیشتن و لاوازیش، هێشتا ئامادە نیە لەو بەشانەی باشوری کوردستان بکشێتەوە کە ڕژێمەکانی پێشو تەعریبی کردون و دان بە کوردستانیەتی ئەو ناوچانەدا بنێت کە کوردستانە. چونکە لە زۆر لەو بەڵگەنامانەدا، خودی دەسەڵاتدارە عەرەبەکانش (ئەحمەدا حەسەن بەکر لا ٦٤١-٦٤٨ هەمان سەرچاوە) ئەو ناوچانە بە بەشێک لە باشوری کوردستان دەناسێنن و دەزانن.